زانكۆی سەلاحەددین / هەولێر

كۆلیژی هونەرە جوانەكان

بەشی موزیك

لێتۆژینەوەیەك سەبارەت بە

# سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری كۆیە

# ( باب سەردار ) بەنمونە

ئاراستەكراوە

بۆ ئەنجومەنی بەشی موزیك

وەك پێداویستی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە موزیكدا


ئامادەكردنی قوتابی

محەمەد ئارام

بەسەرپەرشتی

م.چیایی كمال سعدی


٢٠٢٢ - ٢٠٢٣

هەولێر

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە چاودێری من ئەنجامدراوە و بەپێی ڕێنمایەکانی زانکۆی سەلاّحەددین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیك، پێشکەشی ئەنجومەنی بەشی موزیك کراوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی موزیك.

واژووی سەرپەرشتیار

م.چیایی کمال سعدی

پێشکەشە بە

❈ هەوادارانی دەنگی فلوتەکەی هونەرمەندی خۆشەویست مامۆستا سەردار .

❈ بەگیانی هەموو ئەو هونەرمەندە کۆچکردووانەی کە لەڕێچکە هونەریەکەی مامۆستا سەردار خزمەتی هونەر و گۆرانی و موزیکی کوردیان کردبوو .

❈ بەو بەڕێزانەی کە ماندوو بوونی زۆریان کێشا بۆ ئەرشیف کردنی سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار .

سوپاس و پێزانین

١- زۆر سوپاسی مامۆستا چیایی دەکەم  کە وەک سەرپەرشتیار زۆر لەگەڵم ماندوبوو.

٢- زۆر سوپاسی مامۆستا دەوەن مەولود دەکەم کە زۆر یارمەتی داوم لە پەیداکردنی سەرچاوەکانم.

٣- زۆر سوپاسی داک و بابی خۆشەویستم دەکەم کە ماندوبونێکی زۆریان کێشا تا بگەم بەم پلەیە.

٤- زۆر سوپاسی کارمەندانی کتێبخانای گشتی کۆیە دەکەم کە هاوکارم بوون بە دابینکردنی سەرچاوەی بەسود بۆ توێژینەوەکەم.

٥- زۆر سوپاسی مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک دەکەم کە ئەرک و ماندووبونی زۆریان کێشا لەگەڵمان لەماوەی ئەم چوار ساڵەی کۆلێژ .

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بریاردانی سەرپەرشتیار | أ |
| پێشکەشە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| ناوەرۆک | د |
| پوختەی توێژینەوە | هـ |
| پێشەکی | و |
| بەشی یەکەم / چوارچێوەی بەرنامەی توێژینەوە | |
| گرنگی توێژینەوە | 1 |
| ئاستەنگەکانی توێژینەوە | 2 |
| ئامانجی توێژینەوە | 3 |
| شێوازی توێژینەوە | 4 |
| سنووری توێژینەوە | 5 |
| نموونەی توێژینەوە | 6 |
| توێژینەوەکانی پێشووتر | 7 |
| بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە | |
| باسی یەکەم | |
| یەکەم / مێژووی هونەری شاری کۆیە | |

| | |
|---|---|
| | دووەم/ پێگەی جوگرافی شاری کۆیە |
| | **باسی دووەم** |
| | یەکەم / بزافی هونەری و گەشەی هونەری لە شاری کۆیە |
| | دووەم/ ڕۆڵی تیپی موزیکی باواجی لە ناساندنی بەرهەمە هونەرییەکانی شاری کۆیە |
| | **باسی سێیەم** |
| | یەکەم/ ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار |
| | دووەم/ گرینگی ڕادیۆی بەغدا و کاریگەری بەسەر مامۆستا سەردار |
| | باسی چوارەم |
| | یەکەم/ کاریگەری مامۆستا باکوری بەسەر مامۆستا سەردار |
| | دووەم/ شوێن کەوتوانی مامۆستا سەردار |
| | بەشی سێیەم / نمونەی توێژینەوە و شیکردنەوەی نمونەکان |
| | |
| | |
| | |
| | بەشی چوارەم / ئەنجامی توێژینەوە |
| | دەرئەنجام |
| | ڕاسپاردە |
| | پێشنیار |
| | لیستی سەرچاوەکان |
| | پاشکۆ |

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە چوار بەشی سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن :

بەشی یەکەم : چوارچێوەی بەرنامەی توێژینەوەکە بریتییە لە گرینگی توێژینەوەکە ، ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە ، ئامانجی توێژینەوە ، شێوازی توێژینەوە ، سنووری توێژینەوە ، نموونەی توێژینەوە ، توێژینەوەکانی پێشوتر

بەشی دووەم : بریتییە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە کە دابەشکراوە بەسەر چوار باس هەرباسە بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە کە بریتین لە باسی یەکەم/ مێژووی هونەری شاری کۆیە و پێگەی جوگرافی شاری کۆیە. دووەم/ بزافی هونەری و گەشی هونەری لە شاری کۆیە و ڕۆڵی تیپی موزیکی باواجی لە ناساندنی بەرهەمە هونەرییەکانی شاری کۆیە . باسی دووەمیش ئەمانە لەخۆدەگرێ/ ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار و گرینگی ڕادیۆی بەغدا و کاریگەری بەسەر مامۆستا سەردار هەروەها کاریگەری مامۆستا باکوری بەسەر مامۆستا سەردار و شوێن کەوتوانی مامۆستا سەردار.

لەبەشی سێیەم/ نموونەی توێژینەوە و شیکردنەوەی نموونەکانە کە توێژەر پێنج لە گۆرانیەکانی هونرمەندی گەورە مامۆستا سەردار بەشێوەیەکی مەبەست دار هەڵبژاردووە لە توێژینەوەکە.

بەشی چوارەم وکۆتایی/ لەم بەشەدا توێژەر هەڵساوە بەخستنەڕووی دەرەنجامەکانی توێژینەوە و هەندێک پێشنیاری بۆ توێژەرانی دواتر، لەگەڵ چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار، وە ئاماژەکردن بە لیستی سەرچاوەکان و هەندێک پاشکۆی پێویست بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە توێژینەوەکە.

# پێشەکی

هەروەک ڕون و ئاشکرایە هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمان و ئەدەب و مێژوو و داب و نەریت و هونەرو کولتوری خۆیەتی، کە پێناسەی بوون و ناسنامەیەتی ، نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە جیهان خاوەنی زمان و مێژوو و ئەدەب و هونەری خۆیەتی .

هەرچەندە تاکو ئێستا نەتەوەی کورد نەبۆتە خاوەنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆی خۆی، وە بە درێژای مێژوو لەلایەن داگیرکەران و دوژمنان دووچاری سڕینەوە و لەناوچوون بۆتەوە، وە بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانیویەتی زمان و ئەدەب هونەر و کولتوری خۆی بپارێزێ و گەشەی پێبدا بەتایبەتی لەڕووی هونەری گۆرانی و موزیکدا ، توانیویەتی خۆی لە چوارچێوەی تەسکی ناوچەیی ڕزگار بکات و گەشەبەو هونەرە بدات، وەتوانیویەتی جۆرەها ئامێری موزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوای تێکەڵ بە هونەری موزیک و گۆرانی بکات، وە سوود لە تەکنیکی هارمۆنی دەنگ و ئامێرەکان وەربگرێ، وەبەکاریان بهێنێ لە تیپە موزیکە جۆربەجۆرەکان.

هەرچەندە هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی کورد، توانایەکی ئەوتۆی داراییان لەبەردەست نەبووە ، کەچی بەهەوڵ و ماندووبوونی بەردەوام و دڵسۆزیان بۆ بواری موزیک و گۆرانی، توانیویانە ئەم هونەرە گەشە پێبدەن و ڕۆڵێکی گەورەیان لە ناساندنی هونەرەکە و بەزندوو مانەوەی بۆ دەوروبەر و جیهاندا گێڕاوە . یەکێکیش لەو هونەرمەندانەی کە بەزانیاری و ئاوازە بە جۆش و خرۆشەکانی مەیدانی هونەری گۆرانی ناوچەی کۆیە و کوردستانی گەرم کردووە وئەسپی خۆی لەو بوارەدا تاوداوە ، هونەرمەندی کۆچکردوو (باب سەردار) ە. بۆیە توێژەر وەک فێرخوازێکی بواری موزیک لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە چەندەها سەرچاوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایان و هەوادارانی مامۆستا سەردار ، هەڵساوە بە تیشک خستنە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە.

هەروەها گرینگی بە ژیان و چالاکیە هونەرییەکانی هونەرمەند دراوە، دیاری شارە خـۆشەویستەکەی کـۆیەش وەک شارێکی مەڵبەندی ئەدەبو هونەر ڕۆڵی گەورەی بینیوە و کاریگەری هەبووە لەسەر هونەرمەندی ناوبراو.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی بەرنامەی توێژینەوە

- گرینگی توێژینەوە
- کێشەی توێژینەوە
- ئاستەنگەکانی توێژینەوە
- ئامانجی توێژینەوە
- شێوازی توێژینەوە
- سنوری توێژینەوە
- نمونەی توێژینەوە
- توێژینەوەکانی پێشووتر

گرینگی توێژینەوە

1 - ئەم توێژینەوە بەیەکەم توێژینەوەی زانستی هەژماردەکرێت کەباس لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە دەکات.

2 - ڕیزبەندیکردنی چالاکیەکان و بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار لەڕوانگەی کات و سەردەم.

3 - دروستکردنی سەرچاوەیەکی سودبەخشی زانستی تر لەسەر هونەرمەند باب سەردار .

4 - کاری گەری لەسەر ە موزیک ژەنرکانی ئیستای ناو بواری هونەرلە کۆیە .

5 - گرنگی لە شێوازی دەرس گوتنەوەی مەقامات و لایەنە پراکتیکەکە ی.

## کێشەی توێژینەوە

ئاستەنگەکانی توێژینەوە

1 - نەبوونی کاتی پێویست بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە.

2 - نەبوونی توێژینەوەی زانستی هاوشێوە و نزیک لەبابەتی توێژینەوەکە بۆ سوود وەرگرتن لێیان.

3 - مەترسی ڤایرۆسی نەگریسی کۆرۆنا و دروستکردنی ئاستەنگ بۆ چاوپێکەوتنی زیاتر لەگەڵ شارەزایانی بواری گۆرانی و موزیک و هەواداران و هاو ڕێبازی هونەرمەند .

4 - کۆچی دوایی کردنی هونەرمەندی گەورەی کۆیە ودامەزرێنەری تیپی باواجی کۆیە مامۆستا باکوری .

ئامانجی توێژینەوە

1 -کۆکردنەوەو ئەرشیف کردنی کار و چالاکییەکانی هونەرمەندی گەورە مامۆستا سەردار .

2 -زیاتر ئاشنابوون و ناساندنی هونەرمەند بە خوێندکارانی بواری هونەری گۆرانی و موزیک .

3 -ناساندنی بەرهەمە کانی مامۆستا سەردار.

4 -مێژووی کۆیە و دروست بوونی هونەر لەو شارە دا .

5 -رۆڵ و گرینگی تیپی باواجی کۆیە لەسەر هونەری شارەکە.

## شێوازی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا شێواز و ڕێبازی توێژینەوەی وەصفی شیکاریمان دەست نیشانکردووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە.

سنووری توێژینەوە

سنووری شوێنی: شاری کۆیە

سنووری کاتی: ١٩٤٥ / ٢٠١٩

سنووری بابەتی: سەرەتای سەرهەڵدانی بزافی هونەری لەشاری کۆیە.

سنوری مرۆیی: باب سەردار

## نمونەی توێژینەوە

دەست نیشانکردنی پێنج بەرهەمی هونەری بەشێوەیەکی مەبەستدار، لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی گەورە ( باب سەردار ) وەک نمونەی توێژینەوە.

## توێژینەوەکانی پێشووتر

زۆر پەڕتوك و سەرچاوەی تایبەت بە سەرهەڵدانی هونەری و بزافی هونەری و هونەرمەند و تیپە هونەریەکان و ناودارانی شاری کۆیە هەن، هەروەها زۆر بابەت لەگۆڤار و ڕۆژنامە وسایتەکان لەسەر ئەم بابەتە بەردەستن، لەگەڵ باسکردنی لایەنی مێژووی وکاریگەریە سیایەکانی ئنتیمای نیشتیمانی وهەبوونی هەندێك وەسیقە لەم بارەیەوە. بەڵام گشت ئەم بابەتانە لەگەڵ ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوەی توێژینەوەکەم کەریتیە لە (سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنمونە) یەك ناگرنەوە و تەواو جیاوازن. بۆیە توێژینەوەکە بەیەکەم توێژینەوە لەم ڕوانگەوە هەژمار ئەکرێت.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

باسیيەکەم

یەکەم / مێژووی هونەری شاری کۆیە

دووەم/ پێگەی جوگرافی شاری کۆیە

باسی دووەم

یەکەم / بزافی هونەری و گەشەی هونەری لە شاری کۆیە

دووەم/ ڕۆڵی تیپی موزیکی باواجی لە ناساندنی بەرهەمە هونەرییەکانی شاری کۆیە

باسی سێیەم

یەکەم/ ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار

دووەم/ گرینگی ڕادیۆی بەغدا و کاریگەری بەسەر مامۆستا سەردار

باسی چوارەم

یەکەم/ کاریگەری مامۆستا باکوری بەسەر مامۆستا سەردار دا.

دووەم/ شوێن کەوتوانی مامۆستا سەردار.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### باسی‌یەکەم

### یەکەم / مێژووی هونەری شاری کۆیە

کــۆیە باخێکە پڕلە گوڵ و بــولبول و خۆشخــوان ، ئـاسمانێـکە دەدرەو شێتـەوە ، بـە ئـەستێـرەی پڕشنگدار و پرچی ئایشێ و فاتمـان ، لوتکە و هـەلەموندێکە پڕ لە هێلانەی هەڵۆ شابـاز ، مێرگ و هـاڕمونێکە پڕ لە سونبـول و گوڵە حاجیلە و نازناز ، تاڤگیـەکی بە خوڕە ، کانیاوێـکە پڕ لە مـرواری و لوئلوئی لالە ، خــاک و دایکێکە ئاو و هـەوایەکی هەیــە ، ڕۆڵەی ڕەســەن بەرهەم دەهێنێ ، پێشەنگ و پێشـرەوی کـاروانی زۆر بوارە بــەڵگەدارە و مێـژووی دیـارە ، گۆڕەپانی شۆڕەسوارانە ، پێگە و مەکـۆی سیاسـەت مەدارانە ، تـەوافگەی نازدار و تـەوارانە ، ئاگردانێکی پڕ لە گڕ و پشکۆیە ژیلەمۆیە بۆیـە گەش و روناکە کۆیە ،دامێنی چیای خەرمانی گوڵ و خێوەتی خارایە ، کۆیە لێی دەوەشێتەوە شتی جوانی لە بارایە .[1]

کۆیە شارێکی مێژووی کوردە ، لە کۆنەوە ناوچەیێکی بازرگانی و ڕۆشنبیری زیندوو بووە و هـەردەم کاروانسەرا و قۆناغی سـەرەڕێی کـاروانی بازرگانی نێوانی عێڕاق و ئێران بـووە . بـازاڕە کەیشی هـەمیشە پێشانگای بـەرهەمـە کشتوکاڵی و پیشەسـازی یە ناووخۆییـەکانی خــۆی بــووە ، پـێویستــی یـەکانی دانیشــوانی نـاوخۆی و دەوروپشتــی و دەرامەتــی بازرگانەکانی ناوە و دەرەوەی دابین کردووە.[2]

لــە نزیک لە دوورەوە ، زانا و شاعیـــر و گۆرانی بێژە هەڵکەوتــووەکانی کورد ڕوویـــان تێکردووە و ، کردوویانە بە مەیدانی جموجووڵی و چالاکیەکانی خۆیان و ، زانیاری

---

[1] گۆڤاری کەکۆن ( ١٨ ) تشرینی دووەم ٢٠١١ - بەشێک لە وتاری ( رەهبەر سەید برایم ) لە فیستیڤاڵی تایەر تۆفیق لە ٢٠/١٠/٢٠١١ لە هۆڵی زانکۆی کۆیە ل ٢.

[2] مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا . کەریم شارەزا ل ٨.

و هونەری شـیعر و گۆرانییان تێدا بڵاو کردۆتەوە و ،لە هــەمان کاتیشدا زانست و هونـەری تازەیشی لێوە فێر بوون .

بەم جۆرە تا بووە بە شارێکی بازرگانی زیندوو ، بە ناوچەێکی زانست و هونەری شیعـر و ئاواز و گۆرانی کوردی بەناوبانگ ، بەتایـبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، لەو کاتەی کە گەلێ زانای بلیمـەت و شاعیر و هونەرمەندی هەڵکەوتـوو و ، کاربەستــی زانست و هـونەر پـەروەری وەکوو ( حاجی بەکر ئاغای ( قاصد ) ) و ( ئــەمین ئاغای ئەختەر ) ی شـاعیری هونەرمەندی کـوڕە گـەورەی سەریـان هەڵداو ، کـە بـە درێـژای تـەمەنـیان کۆڕ و دانیشتـنەکانی نـێو دیوەخانەکە یان هەردەم گۆشەی ئەدەب و هونەری ڕەسەنی کورد بوون . [3]

کـۆیە لـە کۆنـەوە شاری زانست و ئـەدەب و هونەری ئاوازی گـۆرانی ڕەسەنی کـوردی بـووە . ئــەم شارە شوێنگەی پێگەیانــدنی سەدان روناکبیـر و ئەدیبـە کــە هەندێکیــان نــاوبانگیان دەرکرد و بـوونەتە شانازیەک بــۆ ئــەم شـارەو کاریگەریـان هەموو سنــورە دەستکردەکانــی بـڕی. هەربۆ نموونـــە ( خضر کــوڕی عومـــەر کویسنجقلــی ) کـــە خــاوەنی پــەڕتوکی ( الازکار للامام النواوی )یــە ، لە ساڵی ١٣٧٤ز واتــە پێش زیــاترلــە ٦٠٠ ســاڵ لەمەوبەر بــاسی لە هونـەری مۆسیقـا کـردووەکـە هەموو دەزانـــن مـــۆسیقا لە ژینگەیـەک دێتە بەرهەم کە گـــەورە بێـت و لە ڕووی زانسـتی و دارایـــیەوە گــەشەدار بــێ ، چونکە جێگەی بـچـــووک و هــەژار و نەخوێنــدەوار هـــەرگیز نابێتــە بـێشکـەی هونەر و مۆسیقا ، ئەمــەش بەڵگەی گەورەیی و بـوونی شارستانیەتـە لەم شــارە. [4]

ئەم شارە دێرینە هەنگاوی جۆراوجـۆری گرینـگی لە بــواری هونـەرە جوانەکان نـاوەو پــەیدابوونی ئامێرەکانی ئـاواز و گۆرانــی لە جەرگەی کۆمــەڵگای خوێـدەواری گــەورەو پــێشکەوتوو سەرهەڵدەدا. دوابەدوای ئـەوەش دانیشتـنە ئەدەبییـەکانی

---

[3] مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا . کەریم شارەزا ل ٩.

[4] کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتییە . ل ١٣٤ . جەمال فەتحوڵا تەیب . ٢٠٠٦.

سەردەمی حاجی بەکراغای حەوێزی ( قاسید ) ۱۷۸۵–۱۸۵۳ز ئاهەنگسازی دەوری ئەمین ئاغای حەوێزی ( ئەختەر ) ۱۸۳۹–۱۸۸۸ز تەنانەت وایان لە مەلایەکی ناوداری وەک حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە کرد کە ببێتە پێشەوایەک لە هونەری مەقام ناسیدا. بەگوێرەی وتەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد* بۆمان دەردەکەوێ کە باوکی و باپیریشی و ئەمین ئاغا لە مەقام ناسیدا میراتێکی یەکجار کۆنی کۆیەیان بۆ ماوەتەوە ، لەوەوە تێدەگەین کە مەقام لە کۆیەدا پیشەیەکی رەگ داکوتاو بووە ، لە وەشدا هیچ جیوازی ئاینی لەم مەیدانەدا بەدی نەکراوەولە سەدەکانی سێزدەو پێشتریش کۆیە مەڵبەندی هونەرێکی پێشکەوتو بووە بە دەیان گۆرانی بێژی بەتواناو بەهرەداری مەقام زانی لێهەڵکەوتووە .

هونەری کوردی لەو شارە زیندووەدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی شاعیر و مەقام ناس و هونەر مەندی کورد ( ئەمین ئاغای - ئەختەر ) بوژاوەتەوە، کەرستەیەکی نوێی زەوقی هونەری خرایە پاڵ ئەویش مۆسیقابوو ، لە دیوەخانەکانی ئەوو باوکییەوە قاسید بۆی مابۆوە ، ئەوانیش وەک باب و باپیرانیان شاعیر و هونەر پەروەر بوون ، بەتایبەتی دیوەخانەکەی ئەختەر هەمیشە جۆشدراوە بە گاڵتە و گەپ وگۆرانی و مۆسیقا . ئەم هونەرمەندە مەزن و هێژایە چەندەها شیعری کردووە بە گۆرانی . [5]

لە ناودارەکانی گۆرانی و مەقام بێژیدا : بلیمەتی وەک ( مەڕبێنی قەشە شابیل ۱۸۳۵ –۱۸۹۵ ) هەڵکەوتو و لەسەر دەستی ئەمانەی سەرەوە پەروەردە بوو ، هەروەها مەقام زانان( نەشئەتی ڕەشید ئاغا ) و ( شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ کەریمی بەرزنجی ) و ( عەبەیچایەچی ) و ( حەننا تۆمە - کە بە حەنیلە ناسرابوو ) ، دوای ئەوانە نەوەی نوێتر هاتنە پێشەوە ، لەوانە : ( حوسێنی شاعیر - ۱۸۸۸–۱۹۳۳ ) و ( ڕەفیق چوارچاو ) ، ( سمایلە خڕە ) و ( ئەمینی سەمەنێ ) و ( مەلا ئەسعەد ۱۸۹۰–۱۹۵۸ ) و ( سێوە ۱۸۸٤-

---

[5] مەسعود محەمەد : لە ساڵی ۱۹۱۹ی ز لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و وێژەیی و زانست پەروەر هاتۆتە دنیاوە ، کوڕی جەنابی مەلای گەورەی کۆیەیە . جگە لە قۆناغی سەرەتایی قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە . ساڵی ۱۹٤٥ی ز بڕوانامەی کۆلێژی ( ماف )ی لە بەغدا وەرگرتووە و وەک پارێزەر دەست بەکاربووە . لە ساڵی ۱۹۷۰ی ز کراوەتە ئەندامی کارای ( کۆڕی زانیاری کورد ) بە دەیان بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە . ڕۆژی ۲۰۰۲/٤/۱ لە شاری هەولێر کۆچی دوای کرد و لە شاری کۆیە بە خاک سپێردرا .

١٩٦٤ ) ( قـادری مام حـوسێن ) و ( قادری حەمەدی حـەمام چـی ) و ( حـەمەد ئەمینـی وەستـا سـاڵحی کەبابچـی - ١٩٠٧-١٩٧٣ ) و ( ئـەحمەدی حـەمە مـەلا ١٩١٣- ١٩٦٩ ) ( تـاهیر تۆفیق ١٩٢٢-١٩٨٧ کـە نازناوی هـونەرمەندی گەلی پێدرا ) دوای ئەوانەش ( باقیحـەلاق ) و ( حـەمە ڕەشـید شێرزاد ) و ( حەمەدەمینـی عەباس ) و عـەبدوڵڵای پەڕەکەر ) و ( مەلا ئەحمەدە کۆرە ) .

لە دەنگ خۆشەکانیش ، لەبۆنەی ئایینی و مەولوود خوێندندا ( کاک ئەنوەر و جەلال و جـەمال سەید ئەحمەد ) بـوون ، لە ئافرەتانیش ( عاسمەخانی ماڵی حەمە ئاغا و خانـە و زەکیە و مێرەمی میران و کافیەی مەلایان ) دەنگ خۆش بوون و گۆرانیان گوتووە .

دووەم/ پێگەی جوگرافی شاری کۆیە

کۆیە بە پێی شوێنی جوگرافی و ئاوەدانیەکەی و ئەو شوێنەوارانەی لە ناوەوەو لە دەوروبەریدا بەرچاودەکەوێ شارێکی دێرینە لە هەر دەورو سەردەمێک جۆرە ناویکی هەبووە لە سەردەمی هەرە زوودا ناوی کۆپاو و کۆپار وەک ناوی شار و ئاوەدانی لەو هەرێمەدا دێت کە دەکەوێتە نێوان ئەربائلۆ و ئەرەبخا.ئەکباتان ،واتە (هەولیر کەرکوک )و(هەمەدان ) هەر ئەو ئاوەدانیەش زۆر ڕێی تێدەچی لە کۆیە بووبی وەک مامۆستا تاهیر حەوێزی لە مێژووی کۆیەدا دەڵی:"وشەیکی زەردەشتی چوونکە شارەکە میر نیشین بووە، ئاڵای سەربازی هەبووە وپێی گوتراوە کۆی سنجاق واتە کۆیەی ئاڵا ویلایت و ئیالەتی ،. (کۆ)بەر لەوەی شاری سلێمانی دروست بکرێ، هەموو ئەو ڕوبەرە فراوانەی باشوری کوردستان کە دەکەویتە ڕۆژهەڵاتی هەولێر و کەرکوک و رۆژئاوای مەهاباد و سنە تاکە یەک ئاوایی کۆن هەبووبێ لە شاری بچێ کۆیە بوە ناوچەی کۆیە لە چاخی کۆندابنکەی فەرمانڕواو ژیاری نەتەوەیەکی (ئاویستایی) یەو لەم دواییەدا بووە بۆ (کۆهسار ) کە بەو شوێنە دەڵێن شاخاوی و بەردەڵان بێ لە هەندێ سەرچاوەی دیکەشدا دە گوتری:"کۆیە وەختێک ناوی سان واتە گوند یان شار سان بووە ووشەی (سان) یش کورتکراوەی سولتانەو کاتی خۆی ئەو (کۆی سان)ە لەگەڵ (کۆسرەت) کە بووەتە ناوی چیاییێک لە ناحیەی خەلەکانی ئیستا، (کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا نوسینو لێکۆڵینەوەو بەدواداچون بنچینە ووشەکەی ناوی کۆپا کۆپار کوهیار لە سەردەمی کۆن و نوێێدا هەر کۆ بووە بەڵام لە سەردەمی سەلجوقیە تورکومانەکان کە لە ساڵی (١٠٧٠)زاینیەوە دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا شکا ناویان نا (کوی سنجق )ئاری بووە بەناوی "گوتی " کە لە دەورو بەری زیێی کۆیە دەژیان و کوردەکانی ئەمرۆ بەشێکن لەوان. یەکیک لە سەرچاوە مێژوویەکان کە باس لە دیرۆکی ئەم شارە بکات،"محەمەد ئەمین زەکی" کە دەڵێ: دەوری ڕوبار کۆیەمەکبەندی سەرەکی گوتیەکان بووە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی (٢٦)پ .ز توانیان دەست بەسەر ناوچەکانی ئەکەد و سۆمەر دابگرن........ بەڵام لە سەدەی (٢٥-٢٤)پ.ز گوتیەکان ناچاردەکرین کە بگەڕێنەوە ووڵاتی ڕەسەنی خۆیان ، کە ناوچەی زیێ کۆیە و ئەبخا کەرکوک بوە." گوتیەکان و ئەو گەلانەی لەو ناوچیەدا نیشتەجێ بوون پاشماوەو شوینەواری ئەوتۆیان بەجێ هێشتووە کە ئاماژە بەدروست بوونی شارستانیەتیکی پیشکەوتو دەکات،هەر بۆیە هەریەک لە " تەها باقر"و"فۆاد سفر" لەم بارەیەوە دەڵێن :"جیگەی شوینەواری کۆن هەبووە بە ناوی (ساتوقلعە )یە لەسەر زێی بچووک و لە باکوری ڕۆژهەلاتی (تەق تەق )ە لەگەڵ ناوی پاشایەک کە کۆشکیکی تیادا دروست کردبوو،[6] لەگەڵناوی هەرێمێکی ئەم شانشینە وە هەروەها شوێنەواری مێژووی دێرینی ئەم شآرە دۆزراوەتەوە لە گوندی (خرابە)و(قەڵای شلیە )و (قادرمان )و (قەیسەری )کە هەموویان بەڵگەن لەسەر کۆنی بوونی شارستانیە ناوچەی کۆیەدا بەڵام لە دوای هاتنی مەغۆل

[6] بنەماکانی جوگرافیای گەشت و گوزار بە پراکتیزەکردن لە قەزای کۆیە ئامەدە کردنی لوقمان وسو عومەر لا ٢٣.

له ساڵی (١٢٥٨)ی زاییني بەولاوە، ناوەکە بۆتە (کۆ)،(کۆی) ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی کوردو کوردستانیەکەدا دەڵێ:کاتێک حکومەتی ئەردەلان فراوان بوو کە لەساڵی (٦١٧)ی کۆچی -١٢٢١) زاینیەوە دەسەلاتیان پەیداکردبوو (کۆی) کەوتبووە ناوسنووری ڕۆژئاوای ئەو حکومەتە کوردیە"(سەرچاوەی پیشوو) لە کاتی فراوان بوونی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەردەلان شارەکانی وەکو (کۆیە ) هەریر رەواندوز ئاکری قەڵای قیم و مەڵبەندی حوکمەتی بچکۆڵەی نیشتمانی بوون "هەندێ لە نووسەری دوورە ووڵاتی عەرەبیش بە چیای هەیبەت سولتانیان گووتوە حبتون یان هبتون یا هەفتون واتە شاری دامێن هەیبەسوڵتان بەڵام ئەم ناوەیان ئەوەندە گرینگی پێنادرێ ئێمە لە کاتێک لە ناوەکانی ئەم شارەی دامێن هەیبەسوڵتان بەڵام ئەم ناوەیان ئەوەندە گرینگی پێنادرێ ئێمە لە کاتێک لە ناوەکانی ئەم شارەی کۆیە وەک(کۆپا، کۆپار ،کۆهسار ،کوی سان،کۆی سنجاق، کۆ،کۆیە)ورد دەبینین لە هەموویاندا وشەی کۆ هەیە (کۆ)ش دوو واتای هەیە یان بەمانای (چیا)،(شاخ)،(کێو ) دێت یاخود بە مانای گرد بوونەو دێت و لەم بارەیەوە جیی خۆیەتی کە بڵێن کورد لە دێرزەمانەوە پەیڕەوی هەندی چەشنە دەسەڵاتی کردووە، کە ئیستا کە باوەڕو باسی لێوە دەکرێ دەڵین لە وڵاتی کۆیە چوار پاشانشین هەبووە لە کۆنەوە هەستیان بە مەترسیکی دەرەکی کردووە بۆیە بڕیاریان داوە شاری کۆ تازە بکەنەوەو سەریەک و شورەیەکی قایمی لە دەوری دروست بکەن و چوار قوللی بۆ کراوە هەر پاشایەک بەرپرسیار بووە لە پاراستنی قولل یەکی. بۆیە شارەکە ناونرا (کۆ) وە هەروەها لە ساڵی (٦٤٩)ی کۆچی کۆیە ناسراوە بە شاری کورد یان گورد هەروەکو . لە لایەکی تریش دەگەڕێنەوە کە لە سەردەمی زەردەشت کۆیە ناوچەیەکی گرینگی ئیزیدیەکان بووە شوێنەکانی مەلەک مرادو مەلەک رەیحان لە دامینی چنارۆک بەڵگەنە بۆ ئەم بۆچوونە و لەکاتەدا چەند هیکەلێکی مەلەک تاوس لە کۆیە بوون پیان دەگوترا سنجاق لە وێوە بە سەر ناوچەکانی دیکەی کوردستان دابەشکراوە جا دوور نیە ئەو سنجاقەی وشەی (کوی سنجاق) لێرەوە هاتبێ جگە لە وەش هەندێ بۆ چوون هەیە دەڵین لە چەقی سینگەوە هاتوە واتە ناوەندی وڵاتەکەی بووە.[7]

کۆیە شارێکی دێرینی کوردستانی باشوورە ، کەووتووەتە داوێنی شاخی باواجی زنجیرە چیایی هەیبە سوڵتان ، شوێنی شارەکە ( ٦٣٠ ) مەتر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو بڵندترین لوتکەی چیاکەشی لە سەری سەرا ( ١١٠٠ ) مەترە . شارەکە کەووتووەتە سەر هێڵی درێژی (٤٤،٦٠) پلە لە ڕۆژهەڵاتی هێڵیگرینیچ و (٣٦،١١ ) پلە لە سەرووی هێڵی یەکسانی گۆی زەویەوە ، بە پێی شوێنە شاخاوییەکەیەو ئاوو هەوای لە زستان ساردو لە پاییزدا تا بڵێی خۆش و سازگارە ، بەڵام لە هاویندا لە چاو ناوچەکانی خواروو و ڕۆژئاواوە فێنکترە . شاری کۆیە ،

---

[7] خەسڵەتە تایبەتەکانی شاری کۆیە ئاواز و ریتمی ناوچەی کۆیە ئامادەکردنی مضهر اسماعیل حویز لا ٧-٨.

لـه ڕووی ئـاوەدانـی و ژمـارەی دانیـشتوانیـیەوە ئـەمڕۆ لە پـەرەسـەنـدندایـە ، بـە تایبـەتی دوای تێکدانـی گـونـد و دێهاتـەکانـی ، زۆربـەی دانـیشـتوانـی ئـەو شوێنـانە ڕوویـان کردە ناو شارەکەو ئێستا ژمـارەی دانیشـتونی پتـر لـە ( ١٠٠٠٠٠ ) کەسە و هەروا لە زیاد بوونیش دایە . کۆیـە نـاوچـەیـەکـی گـەشت و گـوزارە ، سـەبارەت بـەو بـاخ و سـەیرانگانـەی کەلـە دەوروبـەری شـارهەیـەتی ، خـۆهاویـنـە هـەوارەکانی چـنارۆک و هیـران و نـازەنـیـن و حـەمـام جـەلی و ئیتریش بـە کەمێـک خزمـەت کـردن دەبـنـە خـۆشـرین هاوینــە هەواری

کوردستان. [8]

شـاری کۆیـە لە ڕووی کـارگێڕی یەوە سەر بە پارێزگای هـەولێرەو ، کەوتـۆتـە بەشـی ڕۆژهـەڵاتیـەوە . ئـەم شـارە لەسەر چـەند گردێکـەوە دروست کـراوە ، مـاوەی ( ٧٥ ) کم لـە هەولێر دوورە . سـنوری کارگێـڕی کۆیـە بریـتـییـە لە : قـەزای شەقـڵاوە لـە بـاکوور ،کەرکـوک لە بـاشوور ، سلێمانی لـە ڕۆژهـەڵات ، هـەولێـر لە ڕۆژئـاوا. بـەڵام سنوری سـروشتی شارەکە بریتییە لە نـاوچەی خۆشـاو لـە باکوور زێـی بچـووک ( زێی کۆیە ) لە بـاشـوور ، دەشتـی بـیـتوێن و دۆڵـی خـەلەکـان لـە ڕۆژهـەڵات ، بـەستی شـەرغە وبـەرزاییـەکـانی دێـدەوان لە ڕۆژئـاوا . خاکـەکەی زیاتر لە گـردی بـەردینی و ڕملـی پـێـک هاتـووە ، چیاکانی ڕوتـەن و داری کـەمە . دیاردەی ڕەشـەبـا لـە کۆیە بـاوە ، پێکهاتەکەی لـە سلێمانی دەچـێ بـەڵام گـردەکانی کۆیـە بەرزتـرن و بـای ڕۆژهەڵاتی بـەهێزتـر و گەرم تـرە . دابـاریـنی بـاران لـە هـەمـوو قـەزاکـە بـە سیـستەمـی کـەش و هـەوای دەریای نـاوەڕاسـتەوە پەیـوەستە ، کـە هاویـنی وشکـە و زستـانی ساردە ، زیاتر باران لە نیـوەی ساڵەی زستاندا دەبارێت . [9]

[8] کۆیە لە رەوتی شارستانیەتدا
[9] کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتییە . جەمال فەتحوڵا تەیب . ل٢٣ ، ٢٤ ، ٢٥

شاری کۆیە چوار دەرگای هەبووە :

١- دەرگەی خۆشناوان .

٢ـ دەرگەی کەڵوسۆرکێ .

٣- دەرگەی بابان ، قۆنگری پێدەڵێن ، شاخەکانی لەلای چەپی دەرگاکە بووە.[10]

٤- لای مزگەوتی مەلا ئەسعەد لە باکووری خۆر هەڵاتی شارەکە .[11]

وەهەروەها سێ حەمامیشی هەبووە .[12]

١- حەمامی حەسەن ئاغا

٢- حەمامی ناوەندێ

٣- حەمامی پیسکان[13]

---

* [10] مێژووی شاری کۆیە / نەجیبە خانی جەلی زادە / ٢٠٠٩ /ل١٢/١٣

[11] طاهر احمەد حویزی : مێژووی کۆیە ، بەرگی یەکەم . ل٢٩

[12] مێژووی شاری کۆیە / نەجیبە خانی جەلی زادە / ٢٠٠٩ / ١٨

[13] گۆڤاری کەکۆن . تشرینی دووەم ٢٠٢١ . لا ٦٨ . چاوپێکەوتن لەگەڵ د.جەمال فەتحوڵا

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## باسی دووەم

### یەکەم / بزافی هونەری و گەشەی هونەری لە شاری کۆیە

کۆیە بە پێی شوێنی جوگرافی و بازرگانی کە هەیبووە لە کۆنەوە مەیدانی سەرهەڵدانی هونەر بووە، بەتایبەت هونەری شیعر و گۆرانی. سەردەمانێکی کۆن کۆیە کەروانسەرا بووە، بازرگانی ئاوریشم ڕەواجی هەبووە، ئەویش لە ( هیندوستان و پاکستان و چین )ئەوە بە کوردیستان گەیوە و بە شاری کۆیە دا رەتبووە، ئینجا لەو کاتانەدا کە هاتووچۆ بە سواری وولاخ بووە و کۆیە کاروان سەرەڕێ بووە. لەخانەکانیدا شەوانە ئەو خەڵکانە ماونەتەوە و شەوی درێژی ئەوسای بێکارەبا و هۆیەکانی ڕابواردن، دەستیان لەبناگوێان داناوە و مەقام و هەمەجۆر شتیان گوتووە، خەڵکی کۆیە لەو گوتانانەیان سوودیان دیوە ودەنگخۆشە میوانەکانیش لە دەنگخۆش و مەقام زانانی کۆیە سوودمەند بوونە، دیارترین قۆناغی پێشکەوتنی بزافی هونەری شیعر و گۆرانی لە کۆیە لە سەردەمی حاجی بەکراغای حەوێزی ( قاسید ) ١٧٨٥– ١٨٥٣ ، و ئەمین ئاغای حەوێزی ( ئەختەر ) ١٨٣٩–١٨٨٨ بووە [14].

جوولانەوەی هونەری کوردی لەو شارە زیندوودا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو لەسەر دەستی شاعیر و ومەقام ناس و هونەرمەندی کورد ( ئەمین ئاغا، ئەختەر ) بووژاوەتەوە، کەرستەیەکی نوێی زەوقی هونەری خرایە پاڵ، ئەویش مۆسیقا بوو، ئەو هونەرمەندە هێژایە چەندەها شیعری کردووە بە گۆرانی، [15]هەر لەو سەردەمەدا جەندەها گۆرانی بێژی بلیمەت دەرکەوتن و بزافی هونەری گۆرانیان بەرەو پێش برد، وەکو مەڕبێنی قەشە شابیل و نەشئەتی ڕەشید ئاغا و هیترتش. ئەمین ئاغا خۆیشی شارەزایی لە مەقامات هەبووە و زۆر ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە و هەموو شەو دیوەخانەکەی

---

[14] مێژووی گۆران و موزیکی ناوچەی. وریا ئەحمەد ٢٠٢٠. ل ١٨-١٩.
[15] چاپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەلاح محەمەد ٢٠٢١/٩/٢٤.

مۆنجەی هاتووە و لە شارەکانی سنە و سابلاغ و سلێمانی هاتونەتە کۆیـە و لە دیـوەخانــەکای ئەودا تا بەیانی مەقام و گۆرانیان گوتووە ، دوای ئـەوانەش نەوەی نوێـتر هاتنە پێشـەوە وەک (مـەلا ئەسعەد ١٨٩٠-١٩٥٨)و (سـێوە١٨٨٤-١٩٦٤)و (ئـەحمەدی حەمە مـەلا ١٩١٣-١٩٦٩)و (تایەر تۆفیـق ١٩٢٢-١٩٨٧)و دوای ئەمانەش (باقی حەلاق)و (حەمەدەمینی عەباس)و (مەلا ئەحمەدە کۆرە). [16]

تـاهاتنی مامۆستـا باکوری بۆشـاری کۆیە، وەک مامـۆستـای زمـانـی ئینـگلیـزی لە نـاوەندی کوڕانی کۆیە ساڵـی ١٩٥٧. هیچ تیـپێکی موزیک لە شارەکەدا بوونی نەبووە، بۆیە ماموستا بـاکوری وەک شارەزایـەکی بەتـوانای مـوزیک و گۆرانی بیری لە پێکهێنانی تیپێکی هـونەری موزیک و گۆرزنـی کردۆتوە و لەو پێناوەشـدا هەوڵـی زۆری داوە و هـەندێ قوتابی بــە توانای وەک مامۆستا سەردار، کە لە منالّیەوە شمشاڵی ئاسنی ژەنیوە، و مامۆستا زاهیرمـحەمەد و جان تۆماس و نەشـئەت حەمیـد. شایانـی باسـە مامۆسـتا شەفیـق سابیـر کـە بـەڕێوبەری قوتابخـانەکە بـووە زۆر هانی مامۆستا باکووری داوەو هەندێ ئامێری موزیکی لە پـەروەردەی هەولێر بـۆ دابیـن کردووە، [17]ئـەوەش بووە سەرەتای دامەزراندی تیـپی مۆسیقای باواجی کۆیە کە گەلێ کار و چالاکی هونەریان لەناو شاری کۆیە دەوروبەری ئەنجام دا. ساڵـی ١٩٥٨ ساڵێکی پڕ لە چالاکی هونەری و ئاهەنگ و بـۆنەی نیشـتیمانی خـۆش، ومـانگ نەبوو بـەلای کەم دوو سێ ئاهەنـگ بەشداری نەکردایە، دوای ئەوە ناوبانگی سنووری شارەکەی بەزاندو، لە شارەکانی دیکەش داوەت دەکرا لە هەولێر و سلێمانی و ڕانیـە بۆئـەوەی ئاهەنگەکانیان بڕازێنێتەوە. [18]

دوای شـۆڕشی چـواردەی تەموز ١٩٥٨ لە کـۆیە ئاهەنگـی گۆرانی و شانـۆ زۆر دەکرا و گۆرانیبێـژ وەک عـەدنان جەمال و سەڵاح محەمەد و ماریای خوشکی باکوریـی و یوسفی برای گـۆرانیان دەگوت. لە ساڵی ١٩٦١ کۆمەڵـەی بووژانـەوەی هونـەرە جوانەکـان لە کۆیـە دامـەزرا کە ساڵی یەکەم مامۆستا باکوری سـەرۆک بـوو، ساڵی دواتریش مـامۆستـا کەرەیم شارەزا بـووە سـەرۆک و مامۆستا بـاکوریش بـوو بـە سکرتێـر، لـە شاری کۆیـە

---

[16] کۆیە لە ڕەوتی شارستانی . ل ٤٠٨-٤٠٩.
[17] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا وریا ئەحمەد. ٢٠٢١/١٠/٢٦.
[18] تیپی مسیقای باواجی کۆیە لە ١٩٥٧-٢٠٠٨ باکوری.

کۆمەڵێک چالاکی هونەریان لە کۆیە ئەنجام دا وەک ئاهەنگی گۆرانی و شانۆگەری. دوای ڕێکەوتنی یانزەی ئاداری ١٩٧٠چالاکیەکانی تیپی باواجی زیادیان کردوو بەرهەمی نوێیان لە بەغداو کەرکوک تۆمار کردوو لە فیستیڤاڵی گۆرانی کوردی لە بەغدا ساڵی ١٩٧٤ تیپی مۆسیقای سلێمانی بە ئیمتاز و تیپی باواجی کۆیەش بەیەکەم دەرچوو، دواتریش ئەوتیپە بە بەردەوامی لە هەوڵی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی خۆیدا بووە هەرچەندە پشتیوانیەکی ئەتۆی لێنەکراوە. [19]

---

[19] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا وریا ئەحمەد. ٢٠٢١/١٠/٢٦.

دووەم/ڕۆڵی تیپی موزیکی باواجی لە ناساندنی بەرهەمە هونەرییەکانی شاری کۆیە

پێش هاتنی مامۆستا باکوری بۆشاری کۆیە، هیچ تیپێکی موزیکی بوونی نەبووە، چالاکیە هونەریەکانی شاری کۆیە لە ئاهەنگی تایبەتی مالان و ناو ڕەزو باغ و دەم ڕووبار و کانیاوەکان و مەولود و بووک گواستنەوەو بۆنەکانی تر زیاتر نەبووە بەڵام دوای هاتنی مامۆستا باکوری بۆ شاری کۆیە دامەزراندنی لە ناوەندی کۆیەی کوڕان و وەک موزیک ژەنێکی لێهاتوو لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە تیپێکی هونەری موزیک و گۆرانی دامەزرێنێ. بەوشێوە توانی چەند قوتابیەکی بەهرەمەند دەستنیشان بکاو ڕایان بێنی لەسەر ژەنینی چەند ئامێرێک، وەک سەردار ئەحمەد کە هەر لە منالێیەوە شمشاڵی دەژەنی، زاهیر محەمەد و هەندێکی تر وەک ( تیپی مۆسیقای قوتابخانە ) دواتر وەک مامۆستا باکوری دەڵێ : نابێ هەر بەناوی تیپی مۆسیقای قوتابخانە بێ، ئەبێ وەکو گرووپەکەی سلێمانی کە ناوی ( مەولەوی ) یان لێنا، ئەبێ ئێمەش ناوێکی تری بۆ بدۆزینەوە، بە تایبەتیش ئەوا خەڵکی غەیرە قوتابیشمان بوو، چ وەک مۆسیقا ژەن و چ وەک ئەندامی کۆرس و گۆرانی بێژ وەک نموونە، بەرێزان سێوەی مەقام بێژ، مامۆستا بیلال باهائەدین کەمانجەژەن، هەروەها جەمال کەریمی حەمە مەلاشمان قبوڵکرد لەگەڵ کۆرس. دواتر ناوم لەو تیپەمان نا ( باواجی ) رۆژی ٢٧ ئاداری ساڵی١٩٥٨ بۆ یەکەمین جار تیپەکەمان بەناوی ( تیپی باواجی کۆیە ) لە پێش میوانان ڕادەوەستێ .

ئەم تیپە کەوتە جموجۆڵێکی فراوان لەسەر شانۆ و ئێستگە و تەلەفزیۆن بۆ ئەوەی سەرمایەیەک بۆ تیپەکە دیاری بکرێت، هەڵسان بە گێڕانی چەند ئاهەنگێک بۆ ئەوەی کەم و کوڕیەکانی تیپەکە کەم بکاتەوە تاڕادەیەک گێڕانی ئەم ئاهەنگانە باش بوو، دەنگێکی زۆری دایەوەو زۆر هونەرمەندی ناودار بەشداریان دەکرد وەک (تایەر تۆفیق ، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، ئیبراهیم محەمەد، شەوکەت ڕەشید، سەڵاح ڕەشید ) کەلە دەرەوەی شاری کۆیە دەهاتن، وەچەند ئاهەنگێکیان لە شارەکانی رانیە و قەڵادزێ گێڕا، کە ناوێکی باشی بۆ تیپەکە لەو ناوچانە پەیداکرد. وەهەروەها رۆڵێکی باشی گێڕا لەڕۆژی دانانی کۆتەڵی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی لە ١١/٢٩/ ١٩٧٣. وە پاش هەوڵدانێکی زۆر و چاوەڕوانیەکی درێژ، تیپەکە توانی کۆمەڵێک بەرهەمی سەرکەوتوانە تۆمار بکا، ئەوەش دوای وەرگتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی

گشتی ئێزگە و تەلەفزیۆن دوای ئەوە لە تەلەفزیۆنی بەغدا بانگهێشت کرا و بەرهەمی یەکەمی لە ستۆدیۆی ژمارە ٢ تۆمار کرد، کە تۆمارکردنێکی راستەوخۆ و زیندوو بوو.[20]

لە دوای شۆڕشی ١٤تەمووزی ١٩٥٨ تیپی مۆسیقای باواجی کۆمەڵێک چالاکی جۆراو جۆری لە شاری کۆیە ئەنجامدا کەبووبە مایەی دڵخۆشی خەڵکو ناساندنی زیاتری ئەو تیپە بە خەڵک تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لەگەڵ ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەی هاتووتە پێشیەوە وبۆی داڕێژرابوو بۆ تێکدانی و لەناوچوونی، بەڵام باواجی وەک شاخی باواجی هەر ماوەو هەر دەشمێنێ، کەچی دەیەها تیپ لە سالانی پانجاکانەوە، لە شارەکانی دیکەی کوردستان پێکهاتبوو دامەزران و چەند ساڵێک بەردەوام بوون. بەڵام ئەمڕۆ لە مەیدانە ناماون و هەروا تیپی تر دروست دەبن و دادەمەزرێن و یارمەتی دەری باشیش وەردەگرن کەچی دواتر سەیر ئەکەی پەرتوبڵاو بووینەوە و تیپەکە ناوەکەشی ون بووە .

دواتر تیپی موزیکی باواجی کۆیەی دامەزراند ڕۆژ دوای ڕۆژ بە هەوڵی دڵسۆزانی شارەکە ئەوتیپە گەشەی کردوو توانیان هونەری گۆرانی بهێنە ناو چوارچێەوەی تیپێکی موزیکی ڕێکوپێکوبەرهەمی جوان و خۆش پێشکەش بکەن و دەنگ خۆشانی شار زیاتر بە خەڵکی ڕابگەیەنن و ناوبانگیان بە هەموو کوردستاندا بڵاو بێتەوە، بەتایبەتی دوای تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان لە تەلەفزیۆنی کەرکوک و بەغدا و کۆیەش. دەرچوونی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بەپلەی یەکەم لەناو چەندین تیپی هونەری دیکەی کوردستا لە فیستیڤاڵی موزیک و گۆرانی لە بەغدا ساڵی١٩٧٤ شاهیدی کاریگەری و پێشکەوتنی ئەو تیپەن .

شایەنی باسە ئەگەر هاندانوو پشتگیری و خۆشەویستی زۆری ئەم شارەو کەسوکاری ئەندامەکان و گۆرانی بێژەکان کە هەمیشە لە خەمی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەوتیپە بوون و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هونەردۆستی و ڕۆشنبیری و بەرچاوڕونی خاڵکی ئەو شارە زیندووە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەندامەکانی ئەم تیپە لە سەرەتادا چەند قوتابیەکی لێهاتوو وبەتوانای ناوندی کۆیەی کوڕان بوو کەلە پێشداناومان هێناون کە مامۆستا باکووری هەڵی بژاردن و ناوی باواجی لێنا. هەر وەک مامۆستا زاهیر محەمەد دەڵێ ئەم تیپە وەکو تیپێکی قوتابخانە بوو، هیچ سیفەتێکی فەرمی نەبوو، پاش ساڵێک ئێمەی قوتابی هەریەکەو بەلایەکدا رۆیشتین بۆ خوێندن، مامۆستا باکووریش لە سەرەتای سالانی شەستەکاندا خۆی داوای گواستنەوەی کرد بۆ هەولێر و هاتە هەولێر، تیپەکە هیچ وجودێکی

[20] ئەرشیفی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ( ٢٠١٣ /٣/١٦ ) وەرگیراوە.

نەماو کۆتایی هات. ئەمە بوو باواجی سەرەتایی کە بەڕێز مامۆستا باکووری ئێستا خۆی لە ژیاندا ماوەو ئەم ڕاستی و زانیاریانە چاک دەزانی و زۆر جاریش باسی دەکات.

دوای ئەوەی من و خوالێ خۆش بوو ( ئەنوەر تایەر ) لە بەغدا خوێندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان تەواو کرد بەشی مۆسیقا لە ساڵی ( ١٩٦٢ ) هەریەکەمان دامەزراین، من بۆ خوارووی عیراق شاری ( کوت )، ئەنوەر تایەر بۆ کەرکوک. من لە ساڵی ( ١٩٦٥ ) گەڕامەوە کۆیە بەیەکجاری، ئەنوەریش لە دوای( ١٩٧٠ ). [21]

دوای (١٢) ساڵ پاش نەمانی ئەم تیپەی قوتابخانە کە ناومان نابوو باواجی و نەمانی کۆمەڵەی بووژاندنەوە بە (١٤) ساڵ، ئینجا تیپی مۆسیقای ( باواجی ) نوێ و سەردەم کە ناوبانگی دەرکرد دامان مەزراند.*

---

[21] زاهیر محەمەد کۆیی. باواجی: کام تیپی باواجی؟. گۆڤاری مێرگ: ژمارە (١٧)ی تشرینی یەکەم. ٢٠٠٦ .

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## باسی سێیەم

### یەکەم/ ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستا سەردار

سەردار ئەحمەد عەبدوڵڵا- میوزیسیان و ئاوازدانەری کورد . باب سەردار ناسراوە لە رۆژی 1945/7/1 لە گەرەکی بەفری قەندی لە کۆیە لە دایکبووە خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردەوە، لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای هەولێر دەوری کارای هەبووە ، بۆ ماوەیەکیش سەرپەرشتی بەشی مۆسیقای تیپی- هونەری هەولێری کردوە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی باواجی کۆیە- لە ساڵی 1957 لەلایەن مامۆستا باکووری هەڵدەبژێردرێت و دەبێت بە یەکێک لە ژەنیارەکانی خوێندنگای کۆیە کوڕان لەساڵی 1958وەک ژەنیاری موزیکی تیپی باواجی هاتۆتە سەر تەختەی شانۆ ئەوکاتەی لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە ،خولیای بۆ هونەر هەبووە، کاتێک کەسێک بە ناوەی عەبدۆک ،کە شاگردی پاس بووە نەی و دوزەلەوشمشاڵی لێداوە ئەویش ئارەزووی بۆ لێدانی ئەم ئامێرانە چوە و تا لەشاری هەولێر شمشاڵێکی زەردی ئاسنی بە ١٠٠ سەد فلس کڕیووە لەگەڵ نەیەکی داریش لە ساڵی 1958کاتێک مامۆستا باکوری خولێکی موزیکی کردۆتەوە ، بەشداری لەو خولەدا کردووە لە هاوێنی ساڵی 1958 لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە چووەتە رانیە و لە ئاهەنگێکدا بەشداری کردووە و ئامیری شمشاڵی ژەنیوە.

لە ساڵی 1962 دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات و پۆلی چوارەمی ئامادەیی وەردەگیرێت و دوو هەفتە بەردەوام دەبێت لە خوێندن ،بەڵام واز لە خوێندن دەهێنێت، هەرچەند زۆر هەوڵیان لەگەڵ داوە بەردەوام بێت لە خوێندنی ئامادەیی ، بەڵام لەبەر حەزوی ئارەزوی بۆ هونەری بریار دەدات بچێتە شاری بەغداد لەوێ دریژە بە خوێندنی ئەکادیمی بدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ساڵی1963کودەتا بوو، هەروەها ساڵی دوای

ئەوە پەیمنگای هونەر جوانەکان  خوێندکار یان وەرنەگرت ،ئەم  سێ ساڵە بەبێ خوێندن مایەوە و چاوەڕوانی ،کرد. [22]

لەساڵی 1965چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن و لەوێ پسپۆریەتی  فلوت دەخوێنی و یەکەم کەس بووە کە فلوتی هێناوەتە کوردستان .لەشاری بەغداد لەگەڵ تیپی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کاری کردووە  لە ساڵی 1965 کاتێک تیپیکی ئەهلی بە ناوی تیپی  مۆسیقای کۆمار دامەزرا ، بووە ئەندامی  ئەم تیپەش بە  ئامێری فلوت بەشداری دەکرد ، هەر ئەوکاتە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن بەر هەمەکاینان پێشکەش دەکرد دوای تەواو کردنی خوێندن لە شاری هەلێر دامەزراوە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو  شارە ماوەتەوە و لە  چالاکی  قوتابخانەکان سەرپەرشتی تیپی مۆسیقای قوتابخانەکانی کردووە.

لە ساڵی ١٩٧١ تیپی هونەری هەولێر  دامەزرندووە ،کە دوو  بەش بووە بەشی نواندن و بەشی مۆسیقا-.جمال هیدایەت  بوەتە سەرۆکی تیپەکە و ماموستا سەرداریس سەرپەرشتی بەشی مۆسیقا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ داوای گواستنەوەی کردوە بۆ کۆیە .بەڵام بەمەرج گواستوایەنەتەوە هەر کاتێک ئیشیکی هونەریان پێبوایە  دەبوایە بچیتەوە شاری هەولێر لە مانگی ٣ی ١٩٧٢ لەگەڵ مامۆستا زاهیر محەمەد مۆڵەتی  تیپی  مۆسیقای باواجیان وەرگرتووە و بۆ، تەلەفیزیۆنی بەغداد  یانزە بەرهەمیان تۆمارکردووە ، کە سەرەتا مامۆستا زاهیر  سەرۆکی تیپەکە بووە دوای دوو ساڵ خۆی بوەتە  سەرۆکی تیپەکە لە ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ناو شۆڕش و بەشدار بووە لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای شۆڕش، کە ئەنوەر - قەداغی  سەرپەرشتی تیپەکەی کردووە و خالید سەرکار سەرۆکی تیپەکە بووە و ئەیش جێگری  بووە ، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان چەندین خولی فێرکاری  لە کۆیە کردۆتەوە و بەدەیان  خوێندکاری لە بواری  هونەری مۆسیقادا پێگەیاندوە. دەیان خولی فێربوونی ئامێری  فلوتی بۆ ژەنیارانی شآر شارۆچکەکانی کوردستان کردۆتەوە لە مانگی یەکی ١٩٩٨ بووەتە سەرپەرشتاری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردی  کۆیە، دواتر لە مانگی  هەمان ساڵ بوەتە سەرپەرشتاری پەروەردەیی  کاری هونەری  لەسالی ٢٠٠٥لەگەڵ تیپی ڕێکخراوی هونەرمەندان لە ڤێستیڤاڵێکی  هونەری لە شاری دیاربەکر بەشداری کردووە. لە مانگی ٩ی

[22] زەبەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی  سەرداری باب سەردار . لا ١٧-١٩.

٢٠٠٨ خانەنیشین بووە. ئامیری فلوتی بۆ گۆرانیەکانی هەریەکە له هونەرمەندان محەمەد عارف،عیسا بەرواری، تەحسن تەها ، فوئاد.ئەحمەد .برایم خەیات، محەمەد نێرگز،عوسمان عەلی ، مەچکۆ، حەیدەر عەبدولڕەحمان ،حاجی فایق بازرگان محەمەد ئەحمەد ئەربیلی ،شەوکەت تۆفیق،محەمەد مەرعی موسڵاوی ،شەوکەت ڕەشید.قادر مەردان ، قادر کابان، کەریم کابان،فوئاد زەنگەنە،عەباس محەمەد ،حسێن گەرمیانی. محمد جەزا،دیاری قەرداغی، لوقمان .سەلیم .ئاڤان جمال و .........هتد ژەنیوە میوزیکی بۆ چەندین هونەرمەندی به ناوبانگ ئامادەکردووە پارچە مۆسیقای زۆزان یەکێکه له کارە هونەریە هەر دیارەکانی ئەو هونەرمەندە.زیاتر له٥٠ ساڵ له بواری هونەری میوزیکدا کاری کردووە . رۆژی یەکشەممە ٢٠١٩/٣/١٧ له تەمەنی٧٤ ساڵی بەهۆی نەخۆشی له کۆیە کۆچی دوایی کردووە. له رۆژی دووشەممە٢٠١٩/٣/١٧ له مەراسیمیکی تایبەتدا له شاری کۆیە له گۆرستانی کە کۆن نیژراوە. [23]

[23] ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٨٤ . ١/٣٠/٢٠٠٩ جیهان بەخش کۆیی.

دووەم/ گرینگی ڕادیۆی بەغدا و کاریگەری بەسەر مامۆستا سەردار

له ٣٠/١/١٩٣٩ ئەوکات دامەزراندنی بەشێکی بچووکی ئێستگەی بەغدا کە سەرەتاماوەکەی١٥ خولەک بە زمانی کوردی، ئەویش بەخوێندنەوەی هەواڵەکان و پێشکەشکردنی گۆرانیەک یا دووان. ئێستگەی کوردی بەغدا خزمەتێکی گەورەی بەهونەر و رۆشنبیری کوردی کردووە بەو پێیەی تاکە ئێستگە بووە توانیبێتی خەرمانێک لەهونەری گۆرانی و مۆسیقا بەسەر یەکەوە بنێ و لە فەوتان ڕزگاریان بکات، هەر لە سەرەتای چلە کانی سەدەی ڕابردووەوە زۆر گرینگی دەدا بە هونەر مەندان و ناساندنی دەیان خاوەن بەهرە و دەنگ خۆش و بە دەیان بەرنامەی بەپێزی بە گوێگری کورد دادەدا و ئەگەر ئەو ئێستگەیە نەبووایە ڕەنگ بوو لەناو چووبان .

هەنگاوی دووەم لە ساڵی ١٩٤٠ هاویشتراو ماوەکەشی بوو بە یەک کاتژمێر، لە کاتژمێر٣:٣ تاکو ٤:٣٠ بەردەوام دەبوو، بەرنامەکانیش هەواڵ و ڕوودا و هەر رۆژەی بەرنامەیەکی تایبەت بە ئایین و کشتوکاڵ و تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکران.لە ساڵی ١٩٤٧ ماوەی پەخشی ئێستگە بوو بەسێ کاتژمێر و کارمەندەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبوون.یەکەمین کەسیش کە سەرپەرشتی بەشی کوردی ئێستگەی کرد ( کامیل کاکەمین ) بوو[24]، یەکەمین بێژەریش ( ئەبدول قادر قەزاز ) بوو، هەروەها بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەواڵ و ڕووداوەکان بەشی ئینگلیزی کرایەوە و بەرهەمەکان بە ئینگلیزی دەکران بە کوردی، کەبەڕێزان ( ڕەشیدنەجیب ) و ( ئەنوەر سائیب ) بوون، هەروەها پارێزەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەک زمانزان کاری دەکرد، کە بێبەرامبەر کاریان دەکرد.دوای ماوەیەکی کورتیش ئەدیب و ڕۆشنبیر مامۆستا سادق بەهائەدین وەک بێژەر دەست بەکار بوو. هەرلەو ساڵەدا وەزارەتی دەرەوەی ئێراق داوای لەچەند کۆمپانیایەکی بیانی کرد تاکو کۆمەڵێک گۆرانی سەر قەوان کەکاتی خۆی لە دەرەوە کۆپی

---

[24] کامیل کاکە ئەمین عەدولکەریم لە ساڵی ١٩١٢ لە سلێمانی لە دایک بووە قوتابخانەی ئامادەیی و ئینجا(عدلیە)بۆ خوێندنی یاسای تەواو کردووە. ماوەیەک لە کەرکوک لە بەڕێوبەرایەتی یاسای (عدلیە) وەک کارمەند دامەزراوە و کارییاسایی پێسپێردراوە. دواتر خۆی گواستەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا وەک کارمەمدێکی بەشی ئیدارە. یەکەم کارمەندی ورد بوو لەبەشی کوردی رادیۆی بەغدا تا شۆڕشی ١٤تەمموزی ١٩٥٨ لە ئیستگە دوور خرایەوە .

کراون، بۆیان بنێرن، ئەوە بوو کۆمەڵێک قەوان گەیشتنە ئێستگە لەوانە دایکی جەمال ، کاوێس ئاغا ، سەید ئەسغەڕی کوردستانی ، مریەم خان ، حەمدی فەندی ، ڕەشۆڵ عەبدوڵا ، زۆرتر ئەوکاتیش تیپی مۆسیقا لە ئێستگەی بەغدا زۆر لاواز بوو،لە چەند کەسێک تێپەڕی نەدەکرد ئەمانیش سالح عازف کەمان ، داود - عود ، زەعرور- قانون، حوسێن عەبدوڵا دەف. [25] یەکەمین هونەرمەند کە چووە ئێستگە و گۆرانی تۆمار کرد مامۆستای مەقامات عەلی مەردان، بوو پاشان کۆمەڵێک هونەرمەندی لێهاتوو و چوونە ئێستگە لەوانە تاهیر تۆفیق ،حەسەنی جەزیری ، ڕەسول گەردی ، محەمەد عارف ، نەسرین شێروانی ، لەیلا عەزیز. دوای سالانی پەنجاش شەماڵ سائیب و باکووری و نازدار و ئەسمەر فەرهاد و زۆری دیش سەردانی ئێستگەیان دەکرد پێش چوونی مامۆستا تایەر تۆفیق بۆ رادیۆی بەغدا، گۆرانیەکانی تەنها لە شاری کۆیە دەوروبەری دەبیستران و تەنیا ئەو کەسانە گوێیان لە دەنگی دەبوو کەلە ئاهەنگ و دانیشتنە تایبەتیەکاندا بەشدار دەبوون.

هەنگاوێکیتری کاریگەری ڕادیۆی بەغدا بەسەرهونەر و هونەرمەندان و گۆرانی بێژ و موزیک ژەنانی کورد ئەوەبوو ئەم ڕادیۆیە بوە پاڵپشتیەک بۆ تیپە موزیکیە کوردیەکان و هەوادارانی هونەری کوردی کەتوانیان لەڕێگای ئەم ڕادیۆیە بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن و هاموو شۆی بەغدا بکەن و زیاتر و خێراتر بناسرێن و بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە لەمانەش تیپەکانی وەک تیپی موزیکی مەولەوی لە سلێمانی و تیپی موزیکی باواجی لە کۆیە و تیپی موزیکی هەولێر لەشاری هەولێر زۆرترین بەشداری و بەرهەمیان تۆمارکرد لەم ڕادیۆیە، وە ژەنیارەکانیان توانیان سودی باش لە ئەزموونی هونەرمەندان و موزیک ژەنانی بیانی و عیراقی و نەتەوەکانیتر وەربگرن و زیاتر ئاستیان بەرەو پێشەوە بڕوات و بناسرێن لەمانەش مامۆستا سەردار [26] توانی خۆی بناسێنێت و ببێ بەیەکێک لە ژەنیارە هەواییەکانی

---

[25] ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٠٨٤ . ١/٣٠/٢٠٠٩ جیهان بەخش کۆیی

[26] مامۆستا سەردار لە ساڵی ١٩٦٢ دوای ئەوەی خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات و لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی وەردەگیرێت و دوو هەفتە بەردەوام دەبێت لە خوێندن ،بەڵام واز لە خوێندن دەهێنێت، هەمیشە وتەی ماموستاکەی (حەمە دەمین مەعروفی لە گوێیە کە گوتبوی سەردار ئەگەر پۆلی سێی ناوەندیت تەواو کرد لە بەغدایی مەکتەبەك هەیە ئی مۆسیقایە لۆتو زۆر باشە ) هەرچەند زۆر هەوڵیان لەگەڵ داوە بەردەوام بێت لە خوێندنی ئامادەیی ، بەڵام لەبەر حەزو ئارەزوی بۆ هونەری بریار دەدات بچێتە شاری بەغداد لەوێ دریژە بە خوێندنی ئەکادیمی بدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی ساڵی١٩٦٣کودەتا بوو، هەروەها ساڵی دوای ئەوە پەیمنگای هونەر جوانەکان خوێندکار یان وەرنەگرت ئەم سێ ساڵە بەبێ خوێندن مایەوە و چاوەڕوانی کرد.لەساڵی ١٩٦٥ چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن و لەوێ پسپۆریەتی فلوت دەخوێنی و یەکەم کەس بووە کە فلوتی هێناوەتە کوردستان لەو سەردەما فلوت نەك لە

ئامێری فلوت کە جێگای سەرسامی ژەنیارە بیانیەکان و عەرەبەکانیش بوو لەم سەردەمە و لەزۆر مادە و بەرهەمە کانی جیا لە کوردیش توانیویەتی بژەنێت و شوێن پەنجەی بمێنێتەوە.

جا گرینگی ئەو رادیۆیە لەوەدا بوو کە ئەو کات مامۆستا تایەر راستەوخۆ لە ئیسگەی کوردی گۆرانی گوتووە و زۆرترین کەس گوێیان لە دەنگی بووە و، خەڵک بە تاسەوە چاوەڕێی کاتی پەخشکردنی گۆرانیەکانی کردووە و چێژی لێوەرگرتووە، بێگومان بە هۆی گرینگی ئەو ئیستگەیە گۆرانیەکانی مامۆستا تایەر لە بزربوون و فەوتان رزگاریان بووە بەتایبەتی دوای تۆمارکردنیان و پاراستنیان لە ئەرشیفی ئەو ئیستگەیە بەهاوکاری بەشێکی زۆر لە موزیک ژەنانی کورد لەوانەش کە زۆر ڕۆلیان بینیوە مامۆستا سەردار بوو لەبەر لێهاتوویی و زانایی لە ژەنینی فلوتەکەی بەشێوازی ڕۆژهەڵاتی ببوە جێگای تێڕامانی ژەنیارە بیانیەکانیش .

---

تیپە کوردیەکان نەبووە بەڵکو لە هەموو عێراقدا نەبووە تەنها لە ئۆرکێسترای سەمفۆنی هەبووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سەر بازی چونکە ئامێرێکی رۆژ ئاوایی بووە و چارێگە دەنگی تێدا نەبووە سەردار بە زیاد کردنی پارچە تیپێك توانیویەتی چارێگە دەنگی بۆ زیاد بکەت لەشاری بەغداد لەگەڵ تیپی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کاری کردووە لە ساڵی ١٩٦٥ کاتێک تیپیکی ئەهلی بە ناوی تیپی مۆسیقای کۆمار دامەزرا ، بووە ئەندامی ئەم تیپەش بە ئامێری فلوت بەشداری دەکرد ، هەر ئەوکاتە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنی بەغدا بەر هەمەکاینان پێشکەش دەکرد ئەو کەتە تەلە فزیۆن و رادیۆ نە بوە ئەوەی هەبوو بەس تەلەفزیۆنە بەغدا بو کە بۆ ئەو سەردەمە زۆر سودی بۆ سەردار هەبوە چونکە بەرنامەکان هەموو رۆژ راستە و خۆ بووە نەوەك تۆمار بکرێت و پاشان لێبدرێتەوە

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## باسی چوارەم

### یەکەم/ کاریگەری مامۆستا باکوری بەسەر مامۆستا سەردار دا.

مامۆستا سەردار  لە منداڵیەوە هۆگری باوکی بووە هەمیشە لەگەڵ باوکی بووە کاتێک کە دەچێت بۆ خویندنیش لە پۆلی چوارەم و پێنجەم سەرەتای هەموو رۆژێک دەچێت  بۆ لای باوکی کە ئەوکات باوکی لە کۆنە گەراجی  بەرانبەر مزگەوتی  گەورە دەلالی گەراج بوو ئەلەو تەمەنەدا سەردار یەکەم جار سەرسام دەبێ  بەو ئاوازانەی کە (عەبدۆکی )سەکن ، لە ژێر سێبەری  پاسەکانی ئەو سەردەمە بەدوزەلە و شمشاڵەکەی نێو دەستی ئەو ناوەی دەخرۆشاند، تا عەبدۆک عاشقانەتر شمشاڵەکەی دەژەند سەردار شێتانەتر  لێی نزیک دەبۆ وەو گوێی بۆ هەڵدەخس و سەرمەستی دەبوو. تا لە سەفەرێکیدا بۆ هەولێر  سەردار بە منداڵیەی خۆی دەگەیەنێتە گوزەری خەنجەر فرۆشان و شمشاڵێکی زەردی ئاسن ، بەو (سەد فلس )ەی کە لە  ڕۆژانەی خۆی گلیدابۆوە، دەکڕێ. هەر بە پارەی خۆی نەیەکی لە دار دروستکراویش دەکڕێ. دواتریش لە قامیشەڵانە زۆرەکانی دەوری ڕەز و باخەکانی کۆیە، بە دەستی خۆی دووزەلەیەک  دروستدەکا. ژەنینی ئەو ئامێرە سادانەی لێدەبێتە مەراق و ڕۆژانە  خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکا و دەیانکاتە هاورێ و  هاودەمی پەنجە نەرمەکانی و هەست دەکا کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ،دێ باشتر ئاوازیان پێبژەنێ.

کە لە ساڵی (١٩٥٧)، سەردار دەبێتە قوتابیی پۆلی یەکەمی ناوەندی و دەچێتە قوتابخانەی ناوەندی کوڕانی کۆیە، دەروازەی قۆناغێکی  نوێ لە تەمەنیدا دەکرێتەوە. نەک هەر  لەبەر ئەوەی دێ خۆی بناسێ و وردە وردە کەسێتیی خۆی هەڵبنی ، بەڵکو لەبەر ئەوەی، مامۆستا ئەندراوس خەمۆ، ناسراو  بە (باکووری)، وەک مامۆستا ڕشتەی زمانی ئینگلیزی لەو قوتابخانە دادەمەزرێ و لە پاڵ وانەگوتنەوەی خۆی ، هەوڵدەدا  وەک هونەرمەندێکی گەنجی خوێنگەرمی جەرگسۆز، شۆڕشێک  لە بواری هونەری ئەو شارە بەرپابکا. لەلایەک بە کەمان  و عودەکەی قوتابخانەکە دەهێنێتە جۆش و خرۆش، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵی  هێنانەدیی خەونێکی پیرۆز دەبێ ،بۆ پێکهێنانی تیپێکی مۆزیکی خنجیلانە بۆ شارەکە. جا کە لە پۆڵەکاندا بە دوای قوتابیی بەهرەدار و زیت و چەلەنگدا دەگەڕێ، تا بیانکاتە فێرخوازی مۆزیک و خەونەکەی بێتێتە دێ، مامۆستا بەکووری- سەردار ، وەک شمشاڵژەن و عەلی عەونی وەک تەپڵ لێدەر و عەبدولڕەحمان ئەسودە وەک  دوزەلەژەن – لەگەڵ ژمارەیەک فێرخوازی دیکە، هەڵدەبژێرێ

و دەیانکاتە ئەندامی تیپی مۆزیکی قوتابخانە و هەر ئەو ساڵە یەکەم ئاهەنگی خۆیان بۆ قوتابییەکان ، لەو قوتابخانەیەدا سازدەکەن .

هەمیشە مامۆستا کاریزما ،عەودالّی داهێنان و کاری دەستپێشخەرانەی مەزنە، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان ، ئەو کات ، مامۆستا (شەفیق سابیر )چەند ئامێرێکی مۆزیک بۆ فێر خوازەکان دەکڕیّ ە هەمیشە بەسەریان دەکاتەوە و هانیان دەدا و زۆر هاوکاریی مامۆستا باکووری دەکا بۆ کردنەوەی خولێکی مۆزیک لە هاوینی ساڵی(١٩٥٨)دا ، ئەوە بوو(زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر و چەند کەسێکی دیکەش ) لەو خولەدا بەشداربوون.لە سەرەتادا، ئەو تیپە هیچ ناوێکی نەبوو هەر تیپی قوتابخانە بوو، بەڵام کە خولەکەی ئەو ساڵە تەواو بوو، مامۆستا بەکووری ناوی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) بۆ هەڵبژارد و هەر بەو ناوە ناسرا. یەکەمین ئاهەنگی ئەو تیپە نۆبەریەش لە شاری ڕانیە ، هەر ئەو ساڵە ، بە بەشداریی هونەرمەندی گەورەی کورد، مەقامبێژ (سێوە ) بەڕێوەچوو.

دووەم/ شوێن کەوتوانی مامۆستا سەردار.

مامۆستا سەردار یەکێکە لە هەرە مامۆستا مەزنەکانی کورد لە بواری میوزیکی کوردی وە شارەزایی و توانای ئەم لە ڕادە بەدەرە لەم بوارە بە تایبەت لە میوزیک و گۆرانیە ڕەسەنەکانی تایبەت بە شاری کۆیە بۆیە بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکی زۆر زۆری هەبوو بۆ من بۆ ئەوەی حەز بە فێربوونی ئامێری فلوت بکەم چونکە ژەنینی ئەم زۆر تایبەت بوو وە قاڵبێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەبوو کە هەر ئەم قاڵبە ببوو بە ڕەسەنایەتی میوزیکی کۆیە بۆیە منیش هەر کاتێک ژەنینەکانیم گوێ لێ دەگرت زیاتر حەزم بە فێربوونی ئامێری فلووت دەکرد.

مامۆستا سەردار بەهۆی ئەوەی کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد خوێندنی تەواو کردبوو کە ئەم سەردەمە و مۆسیقای عەرەبی مقاماتی زۆرە وە لە پاڵ ئامێری فلوت ئامێری نای دەژەنی کە ئەم ئامێرەش یەکێکە لەم ئامێرانەی تەواو تەواو ڕۆژهەڵاتیە و توانای زۆرە بۆ ژەنینی گشت مقامەکان و تەحویل کردنی مقامەکان تیایدا بۆیە منیش سودێکی ئێجگار زۆرم لە تواناکانی وەرگرتووە و توانیومە تا ڕادەیەکی زۆر باش زۆربەی مقامەکانی پێ بژەنم تەنانەت ئەم مقامانەی کە چارەگە دەنگیان تێدایە چونکە وەک لەسەرەتادا باسم کرد مامۆستا سەردار یەکێک بوو لە داهێنەرانی هەندێک بابەت یەک لەوانە دۆزینەوە و ژەنینی چارەگە دەنگ بوو بە ئامێری فلوت کە بە هۆی تێپ یاخود ئەڵقەیەکی تایبەتەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێ.

بە دڵنیاییەوە من تا ئێستا بەردەوامم لە سەر ڕێچکە و ڕێبازی مامۆستای مەزن جا چ لە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە و چ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کۆیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەوڵم داوە چەندین ژەنیار دروست بکەم و وە هەمیشە هەوڵمان داوە تیپی مۆسیقای باواجی بەرەو پێش ببەین و میوزیک و گۆرانیەکانی بە مۆدێرن بکەین بەڵام بە شێوەیەک کە مۆرک و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست نەدات. [27]

---

[27] چاوپێکەوتن لەگەڵ پۆلا اسماعیل ٢٠٢٣/١/٢ مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە ئەندامی تیپی باواجی کۆیە.

دووەم /

من لە ٢٠٠٩ خوێندكاری مامۆستا سەردار بووم لە پەیمانگای هونەرە جوانەكان شەهید جعفەر لە كۆیە ٦ ساڵ وانەی پێگوتوم وە لە دوای تەخەرج كردنم لە پەیمانگا نەمام بەلام بەردەوام وانەی پێگووتووم هات و چۆكردن و سەردانی كردن مان بۆ لای یەكتری هەبووە دەتوانم بڵێم مامۆستا سەردار یەكەم كەس بووە ئامێری فلوتی هێناوە بۆ كوردستان كە ئامێری فلوت ئامێرێكی ڕۆژئاواییە ئەو وایكرد كە بە پارچە تێپێک چار ێگەتۆنی بۆ زیادكرد و فێری ئێمەشی كرد كە بتوانین هەموو ئەو مەقام و گۆرانیانە بژەنین كە پێشتر بە ئامێری فلوت نەدەژەندرا وە لەروی كلاسیكی و ئەكادیمیەوە ش زۆر زیرەک بوو هیچ پارچە موزیک و دانراویک نەبو ئەو پێی نەژەندرێ.

جگە لەوەی مامۆستای هونەرمان بوو مامۆستای ژیانیشمان بوو هەمیشە وەک هاورێ و مامۆستایەک لەگەڵ مان بوو فێریدەكردین چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكی بكەین و رێزلە خەڵک بگرین پەیوەندیەكی هەندە بە هێزی لەگەڵ قوتابیەكانی هەبووە هەموو قوتابیەكانی وەک باوک و خاڵ و مامی خۆیان سەیریان دەكرد پەیوەندیەكی زۆر بەهێزی لەگەڵ مان هەبوو تا ئیستاش كاریگەری لەسەرمان ماوە بەردەوام یادی دەكەینەوە ئەوەی رۆژێک قوتابی مامۆستا سەردار بوو بێ هەر لە یاد دەمێنێت و هەرگیز لە یادی ناكات.[28]

---

[28] چاوپێكەوتن لەگەڵ باهۆز هەژار ٢٠٢٢/١٢/١٣ هونەرماند و موزیك ژەن ئەندام لە تیپی هاوڕێیانی ئارامی روح.

سێیەم

مامۆستا سەردار داهێەر بوو گرینگ ترین داهێنانی خۆی فێری ئێمە کرد کە چارێگە تۆنی فێرکردین وایکرد بتوانین ئامێری فلوت بۆ مەقامات و گۆرانی کوردی بەکاربهێنین لە هەمان کاتیشدا پشگیریدە کردین و دەستی دەگرتین بۆ وەی زیاتر بەرەوپێش بچین ئێمەی بردە تیپی باواجی کۆیە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای موزیک و گۆرانی کوردەی بین و خزمەتی شاری کۆیەو هونەری کوردی بکەین تارادەیەک وایلێهات ئەو ئێمەی برد بۆ تیپی باواجی کۆیە ئێمە هەموو پلەمان بەرز بۆ وە بۆ بەرێوبەر و جێگری بەرێوبەر وبەرێوبەری فانی و مامۆستا سەرداریش وەک موزیک ژان و ئەندامێکی ئاسایی دەهات بۆ لامان و ئەو کاتیش مستەواو ژەنینی بە ئیمە باشتر بوو وە ئەو کاتیش هەر خزمەتی دەکردو زیاتریش پشت گیری دەکردین .

بە کۆچێ دوایکردنی ئەویش بۆشاییەکی گەورە لە کۆیە و پەیمانگا و تیپی باواجی دروست بوو وە ئێمەش تا کو ئیستا بەردەوامین لەو ڕێبازەی ئەو بەردەوامین لە خزمەتکردنی شآری کۆیە و پێگەیاندنی هونەرمەندانی دوا رۆژی شآرەکەمان و بەرەوپێش بردنی هونەری کوردی و کوردستان .[29]

29 چاوپێکەوتن لەگەڵ سەفین عەبدولرەزاق ٢٠٢٢/١٢/٨ماٗمۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە کۆیە و ئەندامی تیپی باواجی کۆیە.

## تویێژینەوەکانی پێشووتر

زۆر پەڕتوك و سەرچاوەی تایبەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤە هونەریەکان ئەنجام دراون، هەروەها زۆر بابەت لەگۆڤار و ڕۆژنامە وسایتەکان لەسەر ئەم بابەتە بەردەستن، لەگەڵ باسکردنی لایەنی مێژووی وکاریگەریە سیایەکانی ئنتیمای نیشتیمانی وهەبوونی هەندێك وەسیقە لەم بارەیەوە. بەڵام گشت ئەم بابەتانە لەگەڵ ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوەی تویێژینەوەکەم کەبریتیە لە (سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنمونە) یەك ناگرنەوە و تەواو جیاوازن. بۆیە تویێژینەوەکە بەیەکەم تویێژینەوە لەم ڕوانگەوە هەژمار ئەکرێت.